# دەکری ڕێگا بگرن کەسانی لێرە شێتیەتیان ئاشکرا نەکەن؟ ... زانا خەلیل



داهێنان پەیامی خودایە، لە خوداوە دەگاتە مرۆڤێك و ئەویش دەیداتەوە مرۆڤەکانی دی.. لێرەدا داهێنەر ئاوێنەیە لە تیشکەوە دەرەوشانەوە وەردەگری و دەیداتەوە.. داهێنان دڵسۆزی خودایە و ئاوڕدانەوەی خودایە لە مرۆڤێك بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەو مرۆڤەوە بیداتە مرۆڤەکانیدی.. داهێنان پێکەنینی خودایە لە بیابانێك، خودا دەیداتە مرۆڤێکی تێنوو بۆ ئەوەی ئەویش گریانی مرۆڤەکانیتری پێ بسڕێتەوە..
دەکری پێناسەی جیا جیا بۆ داهێنان بکری، بەڵام بە کورتی لای من: داهێنان هەوڵدانە بۆ هەڵتەقاندن و هێنانی گریانێك کە لە ناخەوە بێت و بە هۆیەوە بەرەنگاری نا ئێستێتیەکیەتی ژیان و دەوروبەری پی ببیتەوە.
کێن داهێنەرانی ئێمە و چۆن دەتوانین ڕێگربین لە بەرامبەر دەرکەوتنی سیما و خاسیەتە ئاشکراکانی شێتبوون، یاخود ڕێگربین لەبەرامبەر بە ئاقارکەوتنی داهێنەرەکانمان؟
با ئێمە لە داهێنەرانی دنیاوە دەستی پێبکەین.. هاشم ساڵح لە کتێبی ( (لەنێوانی –بلیمەتی-و – شێتیەتی) ) دا دەڵی: ئێمە ناتوانین ژمارەی ئەو شاعیر و ڕۆماننووسانە بژمێرین کە دووچاری شێتی یان نەخۆشی عەقڵی بوونە، بەڵام ئەمە داهێنان و مەزنی و بلیمەتیان نەفی ناکاتەوە، کەس ناتوانی نکۆڵی لە مەزنیی شیعرەکانی جیرار دونێرڤال بکات، هەر لەبەر ئەوەی شێت بووە یا خۆی کووشتوە. کەس گومانی لە بلیمەتیی مۆپاسان نییە، جا با لە نەخۆشخانەی ئەقڵیدا کۆچی دوایی کردبی، کەس ناتوانی بڵی نیتچشە فەیلەسوفێکی گەورە نەبووە، هەر لەبەر ئەوەی دە ساڵی کۆتایی ژیانی لە نێو دەریای شێتیەتیدا بەسەر بردووە، لە مێژوودا ڕۆماننووسێکی لە دۆستۆیفسکی مەزنتر نابینین ئەگەر چی تووشی فێلێهاتن ببوو.
بێگومان ئەگەر بێت و ئێمە زانیاری ئەوەمان هەبی کە زۆربەی زۆری داهێنەرەکانی دنیا شێت یا نەخۆش بوون، دەبی هۆکارەکانی ئەو دەرئەنجامەیش بزانین، من پێم وایە یەکی لە هۆکارەکانی ئەو ئاکامە زۆری ڕۆچوون و قووڵبوونەوەو گەشتە بە نێو فەلسەو ڕۆحی گەردوون و جیهانی خودا و هەروەها پێکهاتەو ئاڵۆزی مرۆڤەکان.. مرۆڤی داهێنەر بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە هەمیشە پێویستی بە گۆشەیەك هەیە، گۆشەیەك لە نێو ڕۆحی خۆیدا.. پێویستی بە تەنیایی هەیە، تەنیایێ حەددی ئێسقان لە ڕۆحی خۆیدا، پێویستی بە گۆشەیەك هەیە، گۆشەیێ لە کوخی، لە ماڵەکەیدا، لە نێو شارەکەیدا.. مرۆڤی داهێنەر، ئەوانەی وێڵ و سەوداسەر و شەیدای داهێنانن پێویستیان بە هەموو جۆرێك لە گۆشەگیرییە، پێویستیان بەوەیە هەموو گەردوون و بزۆزیەکانی نێو گەردوون لەنێو گۆشەگیرییەکانی ناخی خۆیان بتوێننەوە.. کاتی تۆ هێندە گۆشەگیر دەبیت و بیرکردنەوە لە خولقاندن و ئافەریدەکردنی تێکستێکی داهێنەرانە هەموو ڕۆح و ژیانت داگیر دەکا، بۆ ئەوەی شێت نەبیت، یا نەخۆش نەکەویت، پێویستیت بە فەراهەم کردنی کەشێکە کە تاوی یا کەمی تەعویزی ئەو هەموو حاڵەتی گۆشەگیرییەت بۆ بکا.. بە بۆچوونی من ئەگەر لە ئێستای ئەڵمانیادا نیتچشە کتێبەکانی خۆی بینووسیبووایە ئەوا هەرگیز دە ساڵی کۆتایی ژیانی خۆی بە شێتیەتییێکی ئاوا ئاشکرا بەسەر نەدەبرد.. چونکە ئەلتەرناتیڤی زۆر هەن کە وایان دەکرد ئەو شێتیەتیەی نیتچشە بشاردرێتەوە، من نالێم: شێت نەدەبوو، چونکە شێتیەتی وەکو خاسیەتێکی سەرەکی دەبی لە داهێنەردا هەبی، هەموو داهێنەرەکانی دنیا بە بی جیاوازی بەشێکی ئەو شێتیەتیان بەرکەوتووە، بەڵام دەرکەوتنی ئەو شێتیەتیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە قۆناغێکی مێژوویەوە بۆ قۆناغێکی تری مێژووی دەگۆڕدری.. پرسیاری من ئەوەیە: بۆچی لە زەمەنی

ئێستاماندا ئەو شێتیەتیە وەکو دوو سەدە یا سەدەیەك بەر لە ئێستا هێندە دیارناکەوی لە لایێك و هێندەیش زۆر نییە لە لایەکی تر؟
بێگومان بەشێکی بە گۆڕانی ژیان و بەرەو پێشەوە چوونی ژیانەوە پەیوەستە لە هەموو ڕووەکانەوە بە نمونە (زانستی پزیشکی، یاخود بوونی ئەلتەرناتیڤی تر کە ڕێگا بە شێتبوونی داهێنەرانەوە دەگری، وەکو فرۆکە و هۆکارەکانیتری گواستنەوە، ئەگەر ئێستا داهێنەرێکی ئەڵمان لەگەڵ ڕۆحی خۆیدا تووشی کۆمەڵی قەیرانی دەروونی ببێت، ئەوا ڕەنگە لە چەند کاتژمێرێکدا بە هۆی فرۆکەیەکی "لوفتانزە" ئەو وڵاتە جێدەهێڵی و ڕوو لەوپەڕی ڕووبەری جوگرافیای دنیا دەکا، بەو حاڵە بەشێکی شێتیەتی خۆی بۆ ماوەیەکی درێژ دەشارێتەوە)، ئەمە لە لایێك و بەشێکیشی پەیوەندی بە هەموو ئەو دەرکەوتە نوێیانەوە هەیە کە ڕۆحی خودی داهێنەرەکە بەرەو کەنارەکانی ئارامیی و هێورییەوە دەبەن، بە نمونە (زۆربوونی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەو میدیاکان و خۆشگوزەرانی ماددی داهێنەران و... تاد) هەموو ئەو کارانە وادەکەن کە داهێنەر هەست بە داهێنانەکانی خۆی بکا و هەست بەوە بکا لە بۆشەوە بۆ بۆش کاری نەکردووە، بە بۆچوونی من دەکری یەکی لەو خاڵانەی کە فاکتەر و هۆکاری نادایرێکتی شێتبوونی داهێنەرەکان بی، ئیحساس کردنە بە نەتوانینی ئیسپات کردنی وجودی (منی داهێنەر) لە نێو ئەو زەمەنەی کە داهێنەر تێیدا دەژیێت.
فرۆید پێی وایە: داهێنان بریتیە لە قەرەبووکردنەوەی ناتەواوییەك یان کەمو کورتییەك لە کەسایەتیدا.. مرۆڤێك لەگەڵ خۆیدا و لەگەڵ واقیعی دەرەوەدا هەمیشە لە ئاشتی و تەباییدابی پێویستی بەوە نییە بلیمەت بی.. ریلکە و کیرکیگۆر و هاینە و سەدانی تر دان بەوە دادەنێن کە نەخۆشیە دەروونیەکانە مرۆڤ بەرو داهێنان دەبا.. ڕەنگە ئێمە هەموومان کۆك و هاوڕا بین سەبارەت بەو بۆچوونانە، بەڵام ئەوەی من لێرەدا دەمەوی هەڵوەستەی لەسەر بکەم ئەوەیە، ئێمە چۆن دەتوانین ئەو نەخۆشی و شێتیەتیە بە تەنیا لە ڕێگای تێکستەکاندا بتەقێنینەوەو ڕێگا لەبەردەم راگەیاندنی شێتبوونێکی ئاشکرا بگرین کە دواتر بە سجن یا شێتخانە یاخود شەقام و ئاقارەکانی شار کۆتایی پێ بی؟
وەکو لەسەرەیش ئاماژەم پێدا، یەکی لەو هۆکارانە ئەوەیە کە هەر نا بۆ تاوی دەستی داهێنەران بە بەرزکراوییەوە لە نێو چاڵەکانی گۆشەگیری و نامۆبوون جێنەهێڵین، هەوڵبدەین بە ڕێگا جیا جیاکانەوە هەڵاتنی خۆریان نیشان بدەین، بۆ ئەوەی ئەو شێتیەتیە خۆڕسکە کە بەشێکی بە هەیکەلی ناوەوەی خودی داهێنەرەوە پەیوەستە، بە تەواوی دەرنەکەوی.. یەکی لەو فاکتەرانەی کەوا دەتوانی شێتیەتی ناخی داهێنەری وەکو بورکانی لەنێو تێکستدا بتەقێنێتەوەو نەشهێڵی لە دەرەوەی ئەو تێکستەدا، واتە لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەو حاڵەتە دەرکەوی، بوونی کۆمەڵگاییێکی مەدەنییە، زامنکردنی ژیانی داهێنەرە، گرینگیدانە بە داهێنانی داهێنەرەکە، ڕێگا خۆشکردن و هاریکاریکردنی داهێنەرە بۆ گەشت کردن بە نێو دنیادا، زەمینە خۆشکردنە بۆ هاوارکردنی داهێنەر و گەیاندنی ئەو پەیامەیە کە خودا پێی بەخشیوە بۆ ئەوەی ئەویش بیداتەوە ئێمە.. چونکە کاتی داهێنەر ناتوانی فەرمانی خودا وەکو خۆی جێبەجی بکا، خودا لێی دەتۆری و گلەیی لێدەکا، کاتێکیش کە خودا گلەیی لە یەکێك هەبی لە ناوی دەبا، جا چەندین شێوەو شێواز هەن بۆ لەنێو بردنی داهێنەران لە لایەن خوداوە، لەوانە شێت بوون، لەوانە لێسەندنەوەی پەیام و قسەکان کە خودی خودا پێشکەشی کردووە، لەوانە نەخۆشکەوتن و نامۆبوونێکی یەکجارەکی و ڕەشبێنییێکی هەمیشە کەسك..